ڕای گشتی و ڕاگەیاندن و بانگەشەکردن

د. هانی ئەلرەزا

د. رامز عەممار



42734

وەرگێڕانی: ئەحمەد سەلام

Preview sample - page 1 of 9 - Soran University Academic Digital Library

وەزارەتی ڕۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان



- ناوی کتێب: ڕای گشتی و ڕاگەیاندن و بانگەشەکردن
- نووسەر: د. هانی ئەلرەزا - د. رامز عەممار
- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد سەلام
- پیتچنین: کەمال عبد الهادی — زانا کەمال
- دیزاین: زانا کەمال
- دیزاینی بەرگ: زانا کەمال
- تیراژ: ١٠٠٠
- زنجیرە:١٦٠
- ژمارەی سپاردن:٥١٤ وەزارەتی ڕۆشنبیری
- چاپ: ئەلەند

Preview sample - page 2 of 9 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکییەکی گشتی

لە کاتێکا دنیا بەرەو سەدەی بیست و یەک هەنگاو دەنێ، ئەوەتا ئەمڕۆکە جیهان شۆڕشێك بەخۆیەوە دەبینێ کە مەزنترین شۆڕشە تا ئێستا ئادەمیزاد لە میژوودا بینیویەتی.

هەڵبەتە ئەویش شۆڕشی هۆکانی گەیاندنە، ئەم شۆڕشەیش بەهۆی پێکهاتە تەکنیکییەکانی و هۆیە ڕۆشنبیری و مرۆڤایەتی و ڕامیاری و ئابوورییەکانییەوە توانیویەتی جیهان بکاتە گوندێکی بچکۆلانە، بەم پێیە هیچ بەربەست و سنووڕێکی نێوان میللەتانی نەهێشتۆتەوە بە ڕادەیەك کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان بە خێراییەکی سەیر توانیویانە لەناو یەکا لە ئاستی هەر هەواڵێك یا وێنەیەکدا یا ڕووداوێك کە لە کونجێك لە کونجەکانی ئەم دنیایە ڕوو دەدەن. هەرچەندە لە یەکتریشەوە دوور بن بەڵام هەر بەیەك دەگەنەوە.

هەر ئەم شۆڕشەیش بوو لە مەیانی هۆکانی گەیاندندا ئەمڕۆکە جیهانی بەرەو گێڕانەوەی متمانەکردن بە ڕای گشتی و هەنگاوەکانییەوە دەنێ. ڕۆژ بە ڕۆژیش بازنەی ئەو دەوڵەتانە فراوانتر دەبن کە ئەم هۆیانە بە ڕەگەزێکی کاریگەر دەژمێرن بۆ ژیانی سیاسییانە.

ئەم وەرچەرخانە کاریگەریی کۆمەڵێ گۆڕانکاری لەخۆ دەگرێ کە جیهان لە کۆتایی هەشتاکانەوە تا ئەمڕۆ بە خۆیەوە بینیوە.

لە هەندێ ڕووی تریەوە ئەو گۆڕانکارییانە لەم نموونانەدا بەدی دێن:

جەختکردن لەسەر دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ و هەندێ بەهای

Preview sample - page 3 of 9 - Soran University Academic Digital Library

تری کە گەلان چاویان تێبڕیوە تا ببنە بناغەی سیستەمێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییان.

جیهانگەرایی و هۆکانی گەیاندن جۆرە وەرچەرخانێکی لە ئاگایی و هوشیاری بۆ گەلان بەدیهێناوە تا زیاتر شارەزا بن لە گرفتەکانیان و زیاتر بکرێنەوە بەرامبەر بە رۆشنبیریی یەکتری. هەرچەندە کەلتووری کاریگەری ئەم دیاردانە هێشتا لە سەرەتای رێگەدان بەلاّم رەهەندەکانیان دیسانەوە مەزنترین شۆڕش لە مێژووی ئادەمیزاددا بەرپا دەکەن. چونکە کاریگەرییان لە زۆر رووەوە بۆ سەر بوارەکانی ژیانی گەلان دیارو ئاشکران.

سەرەتا هەر لە مەیانی سیاسییەوە بیگرین تا دەگا بە بابەتە مەعریفییەکان و لەوێشەوە تەنانەت تایبەتمەندییەکانی ژیانی تاکەکەسان و هی کۆمەلێش.

بەلاّم ئەو مەیانەی کە زیاتر هۆکانی گەیاندن و پەرەسەندنی دیاردەکانی رای گشتی هەنگاوی بۆ دەنێ کاریگەرییان هەیە لەسەری مەیانی سیاسییە. چونکە ئەمیان گرنگی و کاریگەریی زیاترە بۆ سەر هەموو چالاکییەکانی میللەتان.

پەرەسەندنی ئەو رۆلەی رای گشتی دەیگێڕێ لە ژیانی گشتیدا بە شێوەیەکی توندوتۆڵ و پابەندە بەو گۆڕانکارییانەوە کە هۆکانی گەیاندن دەیگێڕن و ئەنجامیش کۆمەلگە نوێیەکان هەردوو دیاردەکە کاریان تێدەکا. جیهانگەرایی هۆکانی گەیاندن و رۆلی چاوەڕوانکراوی رای گشتی لە ژیانی گشتیدا، بە تایبەتیش ژیانی سیاسی. ئەوجا ئەو ئاسەوارەی لە زۆر مەسەلەی تردە سەرهەلّدەن وەک سەروەری و گەشەکردن و هاوبەندیی نێوان

Preview sample - page 4 of 9 - Soran University Academic Digital Library

نەتـەوەکان و کـەلتوورە جۆراوجۆرەکـان و کاریگـەری ئـەم بـوارە سەقامگیریی دەوڵەتان بە تایبەتی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان کە لە هـەوڵ و کۆششی ئەوەدان شانبەشانی ئـەم شۆڕشە بکەونە ڕێ و ڕووبـەڕووی ئـەو کاردانەوەیـەن کـە کـار دەکەنـە سـەر سیـستەم و ئـابووری و ڕۆشـنبیری و گەلـێ کاروبـاری تـریش. شانبەشـانی هـەر گۆڕان و پەردەسەندنێ لە هۆکانی گەیاندندا (چەندین گۆڕانی تری لە بـواری جیاجیاکاندا بـە دوادا دێ) هـەر لـەم ڕووەیشەوە گەلـێ بـواری ڕاگەیاندن تێدەپەڕێنێ و گەیشتووەتە مەودایەکی گەلـێ دوورتر، وەک لـە بـواری ئابووریـدا بـۆ نموونـە کـە تۆڕەکـانی پەیوەنـدیی نێـوان بۆرسـەکانی جیهـانی دەکەونـە گواستنەوەی جموجۆڵی دراو و بـەرزو نزمییـەکانی بـەردەوامیی نـاو بـازاڕ لـە سەرانسـەری کیـشوەرەکانی دنیادا. دیارە هەریەکە لەمانە کار دەکەنە سەر ئەویتریان وەک بڵێی هەریەکـەیان بـە تەرازوویـەکی یـا سـەنگێکی ئێجگـار هەسـتیارەوە (حەساسـەوە) بەسـترا بـن لـە مـەیانی زانستدا کـە زانیاریـیـەکانی تیا ئاڵوگۆڕ دەکرێ لە نێوان چەند بنکەیـەکی زانستیدا لەناو کیشوەرە جیاجیاکاندا[1].

ئـەم پەردەسـەندنە بالایـە هاوشـانە لەگـەڵ چـەند ئاسـەوارێکی کۆمەڵایـەتیی قـوڵ کـە جـاری وایـە دەگاتـە ڕادەی هەڵگێڕانـەوەی شێوازی ژیان لە هەندێ کۆمەڵگەدا لە ڕەگ و ڕیشەوە.

گۆڤـاری ئۆرگـانی (ئەنجوومـەنی ئاشـتی نێودەوڵـەتی) ئامـاژە بـۆ

---

[1] د. عەبدولمنعم سرییەددین، پەردەسەندنی هۆکـانی گەیانـدن و ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاگەیانـدنی نایـنـدە. لە نجوومەنی توێژینەوەی ڕاگەیاندن. سەنتەری عەرەبی بۆ توێژینـەوەی ڕاگەیانـدن، قـاهیرە، ژمـارە ٥٥، ١٩٨٩، ل٨١.

Preview sample - page 5 of 9 - Soran University Academic Digital Library

ئەوە دەکا کە (داڕشتنی زانیاری و راگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی لەم ڕۆژەدا بۆتە یەکێ لە گرنگترین هێزی چوست و چالاک بۆ ئابووریی هاوچەرخانە لەناو هەموو بەشە زیندوو و بالاکانیشدا لە ڕادەی گەشەکردندا.

پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای بالا و مەزن زۆر هەلێکی کۆتایی نەهاتووی ڕەخساندووە بۆ بەرهەمهێنان و پاراستن و دابەشکردنی زانیارییەکان[٢].

گۆڤارەکە ئامارێکی بەو سیمینارەیش دەدا کە ڕێکخراوی یونسکۆ لە ڕۆما سازی داوە لە نێوان ١٢ و ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ دەربارەی (ئەو ئاسەوارە ژیاری و کۆمەلایەتی و ئابوورییانەی تەکنەلۆژیای نوێ گێڕاویەتی لە کاروباری گەیاندندا) بە شێوەیەک کە کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان وردە وردە بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێن کە لە بنەڕەتا ببنە کۆمەڵگەیەکی ڕاگەیاندن لەژێر کاریگەریی پەرەسەندووی تەکنەلۆژیا لە بوارەکانی گەیاندندا.

ئەم کارەیش زیاتر لەناو دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا دەستەبەر دەبێ تا ئەوانی تر.

هەڵبەتە ڕادەی بەرزی و نزمیشیان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری جیهان گۆڕانی بەسەرا دێت. ئاشکرایە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان کارگەلێک ئەنجام دەدەن کە پەیوەندیی بە کۆکردنەوە و بەکارهێنان و بڵاوکردنەوەی

---

[٢] مافی گەیاندن – گۆڤاری مافی مرۆڤ – عەردەبی، ڕێکخراوی عەردەبی بۆ مافی مرۆڤ، ژمارە ٢١، ئابی ١٩٨٦، ل١١٩.

Preview sample - page 6 of 9 - Soran University Academic Digital Library

زانیارییەوە هەیە[1].

(ئەلفین توفلەر) لە کتێبە گرنکەکەی خۆیدا بە ناوی (دەسەڵات وەدەستهێنان)، ئاماژە بە گرنگیی شۆڕشی راگەیاندن و هەندێ لە ئەنجامەکانی دەکا و دەڵێ:

بەهۆی شۆڕشی راگەیاندنەوە دەتوانرێ چەند نموونەیەک بۆ هەندێ گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بە وردی دابنرێ کە پێشتر دیارە مەحاڵ بوو. وەک گیروگرفتی بێکاری و زیادەخەرجی لە خزمەتگوزاریی تەندروستی یاخود ئەو مەترسییانەی هەڕەشە لە ژینگە دەکەن. بە جۆرێک ڕێ خۆش دەبێ بۆ تێگەیشتن بە شێوەیەکی باشتر.

هەروەها ئەکرێ ئەمە لەسەر چەند نموونەیەکی تری هەمان دیاردە جێبەجێ بکرێ.

پاشان ئەکرێ پشکنین و توێژینەوە و کاردانەوەی ژمارەیەکی زیاتری هۆکانی بکرێ و، چەند یاسا و هێڵکارییەک لەسەر ئاستی نەکراو دابمەزرێ، پاشان ئەو هێڵکارییانە شی بکرێنەوە بە شێوازێکی زیاتر وردو پەرەسەندووتر[2].

لە سەروو ئەمیشەوە ئەو پەرەسەندنەی لە بوارەکانی زانست و تەکنەلۆژیادا روو دەدەن بوونە هۆی ئەوەی نەک هەر کەلێن و درز دەخەنە نێوان دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی خاوەن تەکنەلۆژیا و دەوڵەتە تازە گەشەکردووەکاندا کە ئەو تەکنەلۆژیایانە بەکار دێنن لە

---

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(2) ئەلفین توفلەر (ودرچەرخانی دەسەلات)، بەرگی دووەم، و. لوبنا ریدی، دەستگای گشتیی کتێب/ قاهیرە، ١٩٩٦، ل٥٧.

Preview sample - page 7 of 9 - Soran University Academic Digital Library

رووی زانستی و کۆمەڵایەتییەوە بەڵکو دەبێتە مایەی:

(زاڵبوونی کۆمەڵگە پێشەسازییە پێشکەوتووەکان بەسەر ئابووریی دەوڵەتە ناونجی و بچوکەکانیش و، ئەشێ هەڕەشە لە ئاسایشی ڕۆشنبیری و ئایدیۆلۆژیشیان بکرێ بەهۆی کەرەسەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندنی تازە بابەتییەوە. ئیتر لەم بوارەدا پەرەسەندنێکی مەزن لەم ماوانەی دواییندا بەرپا بوو بە تایبەتی لە بوارەکانی گەیاندن و دەستگا ئەلەکترۆنییەکان و بوارەکانی پەخشی ڕاستەوخۆ و گواستنەوەی زانیاری لە ڕێی مانگە دەستکردەکانەوە)[٣].

هیچ مایەی سەرسوڕمان نییە، ئەوەی جێگیر بووە ئەوەیە کە تەکنەلۆژیا هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە بۆتە سیمایەك لە سیماکانی دەسەڵاتداری لە چەرخی نوێدا نەك هەر لە بوارەکانی پێشەسازیی تازە بابەت یا لە بوارەکانی ململانێی سیاسی و ستراتیژیەتی سەربازی و سەپاندنی ئابووریدا بەڵکو تەنانەت لە بوارەکانی سەپاندنی ئایدیۆلۆژی و ڕۆشنبیری و بوارە زانستییەکانیشدا پەرەی سەندووە[٤].

لەم گۆشەنیگایەوە دەبینین سیستەمی ڕاگەیاندنی بەرچاو سیمای خودبابەتی (مەوزوعیەت) و بێلایەنی لەخۆی ناگرێ بە تایبەتی پاش زۆربوونی مانگە دەستکردەکان و پەرەسەندنی تەکنیکی گەیاندن و وردەکارییەکانی کە هەر بەم هۆیەوە چەندین جار ڕێژەی

---

[٢] زەکەریا فوادر، هۆکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری، لێکۆڵینەوەی دەستگای پێشکەوتن، گۆڤاری تویژینەوەی جەماوەری، قاهیرە، ژ. ٥٦، ١٩٨٩، ل١٩.

[١] د. نەنور عەبدولەلیك، گۆڕانی جیهان.. دنیای زانست، کوێت، ژ. ٥٩، ١٩٨٩، ل٣٧-٥٣.

Preview sample - page 8 of 9 - Soran University Academic Digital Library

کەرەسەکانی راگەیاندن پەرەیان سەندووە.

لە هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا دەبینین مەودای نێوان ئەو کەمینەیەی خاوەنی کەرەستەکانی راگەیاندن و چاودێری و سەرپەرشتی هۆکانی دەکەن، روو لە زیادبوون دەکا لەگەڵ ئەو زۆرینەیەی تووشی جۆرەها کارتێکردن دەبێ.

پاشان فرەبوونی ئەرکەکانی راگەیاندن لەناو کۆمەڵگەی هاوچەرخدا جارێکی تر هۆکانی راگەیاندنی کردۆتە دەستگایەکی زیندوو. ئیتر سەبارەت بە تێرکردنی هەندێ لە پێداویستەکانی بێ یاخود سەبارەت بە گیانی خودی رێکخستن بێت و توانایەکی وای پێدەبەخشێت زۆر لەوە زیاترە کە مەزندە دەکرێت.[1].

ئەوەی جێی مەترسیە لە بابەتی ئەم توانستەدا هەروەکو دکتۆر ئەنیس موسلیم دەڵێ، ئەوەیە:

(جەماوەری هۆکانی راگەیاندن لە وڵاتی ئێمە یا لە وڵاتە پێگەیشتووەکاندا هێشتا توانای ئەوەیان نییە بتوانن بەرەنگاری فشارەکان ببنەوە بە تایبەتی هەندێ لەوانەی دەستگاکانی راگەیاندن دەبەن بەڕێوە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان بەکاری دەهێنن بە شێوەیەک زیان بە سەروەریی مرۆڤ دەگەیەنن)[2].

هەر لێرەوە بانگەشەی ئەوە کراوە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی راگەیاندنی نوێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی زیاتر ئازادو زیاتر هاوسەنگ تا بتوانێ دادوەرانە زانیارییەکان دابەش بکا.

---

[1] د. ئەنیس موسلیم، هۆکانی راگەیاندن لە نێوان رای گشتی و ویستی میللیدا، هەردەمزی لوبنانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ١٩٨٤، ل٦.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

Preview sample - page 9 of 9 - Soran University Academic Digital Library